# خۆشەویستی لەنێوان مۆدێل
# و
# ڕاستگۆیی و ئازادی بەرامبەردا ...!!

سەروەر کەریم
Sarwar_kareem@hotmail.com

کەسێك شارەزایی هونەرو ئیحساسە هونەریەکان نەبێت ناتوانێت لەمانای خۆشەویستی تێبگات و ممارەسەی بکات . بەمانایەکی تر خۆشەویستی هەستێکی ئینسانی گەورەیەو دەرگا بەهەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەکرێت بە بێ جیاوازی ڕەگەزی . لەوکاتەوەی مرۆڤ بەووجود هاتووە خۆشەویستیش بەووجود هاتووە ، هەر بۆیە تەواوی ئایدیاو فکرەکان بێ بەش نەبوون لەقسەکردن لەسەر چەمکی خۆشەویستی ... لەگەڵ ئەوەی چەندین دیدو بۆچوونی جیاواز بۆ ئەو چەمکە بوونی هەیەو هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەك دیدو تێڕوانینی جیاوازی خۆیان لەبارەیەوە هەیەو تایبەتمەندی خۆشی هەیە. .

کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی پڕیەتی لەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی لەبارەی خۆشەویستی یەوە بینا کراوە ، بەڵام ئەگەر بەچاوێکی لۆژیکیانە لەوچیرۆکانە بڕوانین تەواو عەقڵیەتی پیاوسالاری بەرجەستە دەکات و هەمیشە پیاو بکەری ئەو کردەوەیەیەو خۆی فیدا دەکات.

بۆیە بەدەست هێنانی ڕەگەزی بەرامبەر ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر لەکۆنەوە تا زەمەنی ئێستاش ژنان مەحروم کراون لە ئیحسایە ئینسانیەکان و ئەو بوارە بە تەنها بۆ پیاو ڕەخساوە ...

دیارە بەهۆی گۆڕانکاری لە وولاتانی پێشکەوتووی خۆرئاواو ئەمەریکا ئێستاتا ئەندازەیەکی زۆر ژنان لەوێ ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەرو خۆشەویستی کردن، بەڵام لەوڵاتانی پاشکەوتووی خۆرهەڵات ئەو عەقلیەت و کەلتوری پیاو سالارییە ، وەك خۆی ماوەتەوە بگرە لەزۆر شوێنیش زیادیشی کردووە. .

بەهەر حاڵ ڕووداوە مێژوویەکان و لاپەڕەکانی مێژوو وانەکانی خۆی زۆر لەبارەی خۆشەویستی یەوە پۆلێن کردووە بەلایەنی سلبیی و ئیجابییەوە، ئەمە مێژووە تێپەڕی کردووە ، کەبە بڕوای من مایەی قسە لەسەر کردن و ڕەخنە لێگرتنە. ئەوەی من دەمەوێت کەمێك لەسەری بوەستم و قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی خۆشەویستی یە لای کۆمەڵگای کوردی و ئەو کەلتورەی بەردەوام دژی هەموو ئازادی و مافەکانی ژنان دەوەستێت و تا ئەوپەڕی توندوتیژی دژی ئارەزووەکانیان بەکار دەهێنێت .

کۆمەڵگای کوردی بەهۆی داخراوی لەڕووی ڕۆشنبیرو فەرهەنگییەوە لەئاستێکی زۆر لاوازی هۆشیاری و ڕۆشنبیردا دەژی و نامۆیە بەزۆرینەی چەمك و مانای ئینسانیەکان، کە خۆشەویستی یەکێکە لەو چەمکانەی هەر لە سەرەتاوە نامۆ بوون لەبەرامبەریدا هەیەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلتورە ئاینی و خێڵەکیەی کەژنان، وەك هاوڵاتی پلە دوو سەیردەکات و ژنان بەوەسیلەی خوشگوزەرانی پیاو دەزانن و هەموو ماف و ئازادیەکانی خستۆتە دەستی پیاو، پیاو یەکەمین بڕیاردەری چارەنووسی ژنانە بە ئیحساسە کانیشیانەوە ، بۆیە ژنان مافی ئەوەیان نی یە لەدەرەوەی فەرمانەکانی پیاو کار بکەن. چونکە دووچاری گەورەترین سزای ئەخلاقی و دەروونی دەبن و کۆمەڵگاش وەك نەفرەت لێکراو سەیری دەکات و حوکمی خۆی دەدات بەسەریدا.

ئێمە شاهیدی زۆرترین چیرۆکین کە (ژن ، کچ ) بەهۆی خۆشەویستی یەوە کۆتایی بەژیانی هێنراوە. بەڵام بەدیوێکی تردا پیاوان بۆ خۆیان پاڵەوانی سەرەکین بۆ ئەوەی جۆرەها چیرۆکی خۆشەویستی ڕێك بخەن ، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا هیچ جۆرە سزایەکی بۆ دابنێت ، تەنانەت ئێستا لەکۆمەڵگای ئێمەدا ، بوەتە مودیل و پیاوان بەئارەزووی خۆیان وەك جل و بەرگەکانیان سەیری خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر دەکەن و زۆربەی ئەو پەیوەندیانەی ئێستا لەکایەکانی کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەیە، هیچ نییە جگە لەمودێلێك لەلای پیاوان بۆ کات بەسەر بردن و فریودان و خۆنواندنی ڕەگەزی بەرامبەر بۆ حەرامەکانی تری پشت چەمکی خۆشەویستی یەوە ..

دیارە کۆمەڵگایەك تا ئەو جێگایەی ئازادی ژن وەك خۆی قبوڵ نەکات ، ناتوانێت مانایەك بە چەمکی خۆشەویستی بدات، یاخود شارەزایی لەو هونەرە پڕسۆزو هەستە پەیدا بکات ، بەڵکو دواجار وەك گەمەیەکی سەیری دەکات و ڕەگەزی بەرامبەر دووچاری ئازاری دەروونی و جەستەیی دەکات و فڕێیان دەداتە بازاڕی نامۆیی و هەڵخلیسکانەوە ...